# نوێخوازی ئایینی/

## بەسەرکردنەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی هاوچەرخ

گفتوگۆ لەگەڵ دوکتۆر عەبدولکەریم سروش
و: ئازاد مودەریس

*وەك سەرەتای پەیڤین کە دەربارەی مانـاو چەمکی زیندوکردنەوەی هـزری ئـایینی (إحیای فکری دینی) رونکردنەوەیەك بفەرموون چونکە زینـدوو کردنـەوەی هـزری ئـایینی و زیندووکردنـەوەی ئیسـلام، یـاخود بـە گوتەزایـەکی گشـتگیر تـر زیندووکردنـەوەی بزووتـی ئیسلامی چەمکێکی نوێی پەیداکردووە کە ئەمڕۆکە لە ئەدەبیاتی ئایینی ئێمەدا زۆر بەربڵاوە دیدی بەڕێزتان و شرۆڤەی ئێوە لەو پێناوەدا دەکرێ دەرگای بابەتەکان بکاتەوەو بمانخاتە سەر رێگای پرسیارەکانی ترا..

*منیـش هـەروا سوپاسـتان دەکـەم و سوپاسـی ئـەو هاوڕێیانـەش دەکـەم کـە لـەم بابەتـەدا بەشدارییان کردووە ئومێدەوارم سودمەندو ئاوەڵاکەر بێت، دەربارەی چەمکی زیندوکردنـەوەی ئایینی (إحیاء) ناشێ گوتەیەکی زێدە فراوان بگوترێت، هەروەك ئاماژەت کرد، لە دێرەوە ئەم چەمکە لە ئەدەبیاتی ئایینی ئێمەدا هاتۆتە بوون کۆمەڵگەی خوێندەوارو کتێب خوێنـی بـێ ئاشنایە، من تەنها ئاماژە بەوە دەدەم کە (احیاء) وەك گوتەو وەك ماناش چەمکێکی پوختەی ئیسلامی‌یە کاتێ ئێمە سەیری سەدەی پێنجەم دەکەین دەبینین کەسێتی وەك (ئەبو حامیدی غەزالی) (إحیاء علوم الدین) دەنوسێت بە ئاشکرا نمایانە کە چەمکی (ئیحیا) چەمکێکی تایبەتی کەلتوری ئیسلامی‌یە، هەڵهێنجاوی پێویستی‌یەکانی کۆمەڵگەی ئایینی و کارێکە کە زانایانی پلەیەکی ئایین دەستیان بۆ بردووە!

باشـە کـە بـەراوردێك بکـەین لـە نێـوان، ئـەم چەمکـەو چـەمکی ریفـۆرم کـە لـە ئـەدەبیاتی رۆژئاواییدا لە دوای (رێنیسانس)ی (لەو سەری) پەیدا بوو، لەوێ هەروەك دەزانرێت بە سانایی (ریفۆرم) بەکاردەبرێ، و لە ئەدەبیاتی فارسیدا بە (چاکسازی ئایینی) وەرگێڕراوە هەڵبەت ئەوەش وەرگێڕانێکی راستیشە، ریفۆرم بە مانای فۆرمی نوێ بەخشینە، بەڵام لە ئەدەبیاتی ئەوروپاییدا هەڵسانەوەی زیندوو خوازی (إحیاگری بە "revivalism" وەرگێراوە، ئەم گوتەیە کە ئەوان بەکارەکانی کەسانێکی وێنەی لۆثەرو کالۆنی بەکار نابەن، وەلێ لە چالاکی وەرگێڕاندا

ناچار بوون کە وشەی "Aivival" کە بە مانای ژیانی نوێ بەخشین دەگەیەنێت بەکار ببەن کە مانایەکی هوردی وشەی (احیا)یە خوالێخۆشبوو ئیقبال لاهوری گوتەی "recomstruction" لە کتێبەکەی خۆیدا بەکاربردووە کە بە مانای سازاندنەوە بەکار دەبرێت لە بنەڕەتدا بێجگە لە نوێکردنەوەی بیر چشتێکی دیکە نییە، دواجار لێرەدا ئێمە سێ گوتەمان دێتە مشت یەکێکیان گوتەی چاکسازی ئایین و دووەمیان سازاندنەوەی ئاییني و سێیەمیش زیندووخوازی ئاییني (احیای دینی)یە بەڵام چما زیندووخوازی و چاکسازی و سازاندنەوە لە کەلتوری ئێمەدا پێشینەی نیە، ئەگەر لەم شرۆڤە کورتە تێپەڕێین، زیندووخوازی ئایین پەیوەندی بە دوو لایەنەوە هەیە ئاخر ئایین هەم ماهیەتی هەیەو هەم بوونیش ماهیەتی ئایین بریتی‌یە لە خودی ئەو گوزاراەو مەعریفە ئایینی‌یانەی کە لە لایەن پێغەمبەرەوە بە ئێمە گەیشتوون و بەڵام بوونی ئاییني بریتی‌یە لەو بوونەی کە لە نێو کۆمەڵگادا هەیەو دەزگاو نیهادەکانی پەیوەند بە ئایینەوە لەسەر بنەمای ئەو بوونە پەیدا بوون، ئەو پەیوەندی‌یانەی نێوان خەڵکی کە لە سۆنگەی دینداریيانەوە پەیدان لایەنی حکومەتی ئاييني و ئەو کتێبانەی کە ئەنوسرێن، ململانێ و شەڕەکانی نێوان فیرقە ئایینیەکان، پارچە پارچە بوونەکان کە جەستەی ئایین و کۆمەڵگای ئاييني هەڵدەوەشێنێ ئەمانە هەموویان بوونی دەرەکی ئایینە، کاتێك کە دەبێژین زیندووخوازی ئاييني جارێ مەبەستمان زیندووخوازی ماهیەتی ئایین و جارێکیش زیندووخوازی بوونی ئایینە، ماهیەتی ئاييني (ئەو بەشەی ئایین کە لە پێغەمبەرەوە بە ئێمە گەیشتووە) بێگومان نوێگیر نی‌یە واتە هەر ئەوەیە کە هاتووە و فۆرم و دەقی ئایینەو هەڵوەشاوەو دەست تێوەردراو نی‌یە، لێ دەربارەی ماهیەتی ئایین دەشێت بە مەعریفەی ئاييني ئاماژە بکەین چونکە ئەوەی لە ئایندا لەنێو ئێمەدا پەیدا دەبێت بریتی‌یە لەو دەرکەی کە ئێمە لە ئایین هەمانە، بێگومان ئەو دەرك کردنەش شیمانی نوێ بوونەوەو زیندووکردنەوەیە واتە زۆر کات بەرەو مت بوون و قاڵب گرتن دەڕوات گەلێ جار بە دیدی مرۆڤی زیندووخواز ئەو دەرکە دەرکی دروست و گونجاو لەگەڵ ویستی شاریعدانی‌یەو بۆیە پێویستە زیندوو و چاکسازی بکرێتەوەو، لێرەوە ئێمە ئەمە لەسەر زیندووخوازی ماهیەتی ئایین حسێب دەکەین کە مانای وردی ئەو بریتی‌یە لە نوێخوازی هزری ئاييني و ئەم نوێ کردنەوەیەش ئەنگێزەو هۆکاری زۆری هەیە لە گرنگترین فاکتەرەکانیش پێویستیە نوێکانی ژیانە کە لە کۆمەڵگەی ئاینیدا پەیدا دەبن یاخود ئەو مەعریفە نوێیانەی کە دینداران بە دەستی دێنن بەشێوەیەکی گشتی لقە نوێکانی مەعریفەکە لە جیهاندا پەیدا دەبن دەخوازن دینداران دەرکی ئاینیان نوێ بکەنەوە.

لێ زیندووخوازی بوونی ئایین مانایەکی دیکەی هەیە جاری وا هەیە زیندووخواز تواناکانی سەرفی هێنانەوەی ئایین دەکات لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئاین پشت گوێ دەخرێت، خەڵکی پەیوەندیەکانیان لەسەر بنەمای ئایین دانامەزرێنن بە کورتی ئایین لە کۆمەڵگەدا ون دەبێت یاخود تەنها نێوی ئایین هەیە ئەو دەمەی کەسانێك دەسەڵاتێك.. مەلایانێك ئاینیان بە ئامرازی ژیانی ناشەرعی دنیای خۆیان کردووە بە ئایین چەپاووڵ دەکەن یاخود ئاین پەروەرن بەڵام

ئایینەکەیان ئەوانی سەرفراز نەکردووە ئەمانە بە بوونی دەرەکی ئاینەوە پابەندن مرۆڤی زیندوخواز هەوڵەکانی بۆ زیندووکردنەوەی ئایین لەنێو کۆمەڵگەدا چڕ دەکاتەوە، کورتکردنەوەی دەستی هەلپەرستان و دەزگا ئاینیەکانیش دووبارە بە شێوەیەکی گونجاو جێگیر کردن و دارشتنەوەی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان دیسانەوەو بە شێوەیەکی شیاوو بە گوێرەی گوزارە ئایینیەکان و گێرانەوەی سەرفرازی موسڵمانان بۆ موسڵمانان و ئەم بابەتانە ئیدی بە شێوەیەکی گوشراو و بە کورتی نیشانمدا کەزیندووخوازی ئاینی دوو لایەنی هەیە یەکێکیان بە ماهیەتی ئایین و ئەوی دیکەیان بە بوونی ئایینەوە پەیوەندە کە زیندووخواز بە گوێرەی نیازەکانی کۆمەڵگەی ئایینی و رووگەی بزووتی روو دەکاتە هەرکامیان و بۆ زیندووکردنەوەی ئەو لایەنە قۆڵ هەڵدەماڵێ!.

*بزوتی ئیسلامی لەوانەیە زێتر لە سەدەیەکە لە نێو کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا سەری هەڵداوە، بێگومان فاکتەرو نیازی هەمەجۆر بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی و جوڵە کردنی لەنێو کۆمەڵگەکانداو کەم تا زۆرێك رۆڵی خۆی لەنێو کۆمەڵگەکاندا دیوە، تۆ لە لای خۆتەوە فاکتەر و نیازەکانی سەرهەڵدانی بەچی دەزانیت.

*بە پلەی یەکەم و گرنگترین ئەنگێزەی پەیدابوونی بزووتی ئایینی خودی پەیوەندیەیە بە ئایینەوە ئەگەر میللەتێك پەیوەندی بە ئایینەوە بەهێز نەبێت لەودا هێزێك بۆ چاکەو، رێنموونی نەبینێت، بێگومان شوێن زیندوو و چاکسازی ئایین ناکەوێت، ئیدی مانەوەی پەیوەندی بە ئایین و توانای رێشکاندنی ئایین، بینینی سەرفرازی لە ئاییندا زەمینەی بنەرەتی لە سەرهەڵدانی و بزوێنەری زیندوو و چاکسازی ئاین بووە، بەڵی تەنها ئەمە ئەگەرچی پێویستییە بەڵام بەس نییە دەکارێ کۆمەڵگەیەکی دیندار بێت کە دەرکی هەڵەی لە ئایین کردبێت کە ئەو هەڵەیە بە خودی ئاین و مەرامی پەروەردگار بزانێت لەسەر ئەو هەڵەیەش سووربوون و دەمارگرژی بنوێنێ لەناو خودی دواکەوتن و دارماندا شانازی بە دینداریەوە بکات، بۆیە پابەندبوون بە ئایین و پیرۆز راگرتنی پێویستە لێ بەس نییە، موسڵمانان ئەو دەمەی تێگەیشتن کە لە کاروانی شارستانیەت بەجێ ماون ئەمە ئەو ئیحساسە بوو کە زۆرینەی موسڵمانان بە تایبەت بیریاران و رۆشنبیران دەیاندی لە شوێنەکانی دیکەو لای نەتەوەو میللەتانی دیکە زانست و هێزانێك هاتۆتە بوون کە ئەوان بە ئاسانی دەتوانن بەر لە موسڵمانان بگرن و بەسەر ئەماندا زاڵ بن و راو کەلتورو شارستانی خۆیان بەسەر ئەماندا حوکم فەرما بکەن، لە بەرامبەر ئەم پێشکەوتنەی ئەوانی دی دواکەوتنی موسڵمانان دوو کاردانەوە چاوەروان دەکرا: یەکێکیان مل دان و چوونە ژێر باربوو ئەویتریان لە رووداوەستان و بەژێردەستی رازی نەبوون، لێ بۆ وەستان هێز پێویستە، مرۆڤ بە دەستی خاڵی ناتوانێت لە بەرامبەر ئەو نەتەوانەی لە رووی مادی و مینۆکیەوە پێش ئەم کەوتوون بوەستێت لافی بەرەنگاربوونەوە لێ بدات، ئێستا سەرمایەی بنەرەتی بزووتی ئیسلامی ئەوە بوو کە کەسانێك دەیانویست بەرەنگار ببنەوە وایان دەبینی کە ئەم بەرەنگاربونەوەیە دەبێت بە هێزی موسڵمان بوون بێت بێترین جبەخانەیەك کە بتوانن لێیەوە چەك بەدەست بێنن و هێزو خۆراگرتنی لێ وەرگرن "ئیسلامە" ئەمە دیدە چارەی ئەو مەزنانە بوو!.

ئەوان هێزێکی شاراوەیان لە نێوان موسڵماناندا دەدی کە بە باشی تەوزیف نەکراوە بگرە بە بێ ئەوەی سەربەزریان بۆ بهێنێت، بوو بە مایەی ملکەچی و ژێردەستیان لێرەڕا بزووتی ئیسلامی ئەنگێزەو تاوی گرت، ئەوەی کە موسڵمانان لەسەر خەزێنەیەك دانیشتوون بەلاّم کەشفی ئەو گەنجە ناکەن، دەوڵەمەندن بەلاّم وێنەی گەدایان دەژین بە گووتەی ئیقبال "دڵیان هەیە بەلاّم دڵداریان نییە" مۆتیڤی ئەوە بوو کە چریکەی گەڕانەوە بۆ شوناسی ئیسلامی، دەست نیشانی ئەوەی کە سومبولی پێشکەوتنی ئێمە گەڕانەوەیە بۆ شوناسی خۆمان، شوناسی ئێمەش ئیسلامە، لێرەوە کۆدو کلیلیی پێشکەوتنی ئێمە گەڕانەوەیە بۆ ئیسلام، ئەمەش قوڵترین ئەنگێزە بوو، هەڵبەت بزوێنەری دەرەکیش بوونیان هەبوو ئەوەی من باسم کرد ڕێگەچارەیەکی تیۆریانەی بابەتەکەیە، لێ بوونی جەنگەکان و هاتنی بێگانان بۆ ناوەوەی ناوچە ئیسلامیەکان، بە شوێن ئەویشدا ئەو نزم سەیرکردنەی دەرهەق بە موسڵمانان دەیاننواند، دانانی ئەو دەسەلاّتە دەست نیشان کراوانەی بەسەریاندا دەسەپاندن و ئەو ستەمانەی بەرامبەر موسڵمانانیان دەیاننواند و هاتنی زانست و هونەرو پیشەسازیە رۆژئاواییەکان لەو فاکتەرانە بوون تا سەرلەنوێ بەخۆدا بچنەوەو جیاوازی واقیعی ئێستاو مێژووی رابردوویان بخەنە ژێر پرسیارو سومبولی دواکەوتنیان کەشف بکەن و لە ڕێی دیاری کردنی فاکتەری دواکەوتنیانەوە ڕێ لە فاکتەری پێشکەوتنیان بەرن، ئا بەم شێوەیە بوو کە لێرەو لەوێ لە ولاّتە ئیسلامیەکاندا لە نێوەندی سەدەی نۆزدەدا شۆڕشە چاکسازی و زیندووخوازەکان دەبینین لە هەر جێیەك بەهۆیەك و بە شێوازێك، لێ بە زۆری هۆکاری هاوبەشیان ئەمە بوو لە جەزائیرو میصرو عێراق و ئێران شۆڕشەکان بەناوی ئیسلام و بەناوی ئایینەوە هەڵدەگیرسان بێگومان زۆربەی ئەو شۆڕشانەی نێوی زیندوو خوازییان لێ نەنرابوو، بەڵکو تەنها بەرگریکردن بوو لە بەرامبەر هێرشی بێگانە، لە زۆربەی ئەم جێیانە هەست ناکرێت رەگ دۆزی وردو قوڵ گیرابێتە بەر، بگرە شیمانەی ئەوە نییە کە لە سەرەتای کارەوە ئەم ریشە دۆزییەو فەلسەفی و قولاّنە هەبن، بەڵکو تەنها ئەو هاوارانە بوون کە بە هۆی سەختی ئازاراوە بوون، بەرگریەکی قوربانی بەخشانە بوو لە بەرامبەر هێرشی بێگانەکان، بێ ئەوەی ریشەی بنچینەی لاوازی خودو هێزی بیگانەکان راڤە بکرێت، پاشان لێرەوە روناکبیرانی ئەم میللەتە بەرە بەرە دەستنیشانیان کرد، کە ئێمە موسڵمانان بە باشی موسڵمان بوون بەسەر لاوازییەکانی خۆماندا سەردەکەوین و لە بەرامبەر دوژمندا توانای بەرەنگاربوونەوەمان دەبێت و دەتوانین دواکەوتنەکانمان بە ئاوەدانی و پێشکەوتن بکەین.

*خاوەن رایان لەم بوارەدا (سید جمال الدین)ی ئەسەد ئابادی بە دامەزرێنەرو جوڵێنەری بزوتنەوە ئیسلامییەکانی سەردەمی نوێ دەبینن، رای بەرێزتان لەم بوارەدا چییە؟

*راستە دەشێ سید جمال الدین بە یەکێك لە بزوێنەران و بێدارکەران و

دەست پێکەرانی ئەم رێیە لە سەردەمی نوێدا دابنرێت، هەموو ئەو کەسانەش لە دوای ئەوەوە هاتن هەمان رایان دەربارەی ئەو هەیە، وێڕای هەموو ئەو شاراوەیی و نەزانراوانەی دەربارەی کاسایەتی و بزوتنەوەکەی هەن، هیچ کەسێك نەیتوانیوە دەربارەی ئەم خاڵە بنەڕەتیە

گومانێك پەیدا بكات كە جمال الدین فریادڕەسێ بوو بۆ موسڵمانان و یەك زیندووخواز بوو كە خوا بۆ ئەو سەردەمەی هەناردبوو، بە راستیش لە مەقامی بێداركردنەوەدا رۆڵی خۆی بینی، بە پلەی یەكەم سید جمال الدین رەوشێكی جیاواز نی‌یە، ناڵێم جمال الدین كەسایەتیەكی بیرمەند نی‌یە، ناڵێم زانا نی‌یە، تەنانەت لێهاتوویی و زانایی و سیاسەتی زۆری لە خۆیدا نیشانداوە، خوێندنی خحزەو دەرەوەی حەوزەشی هەبووە، سەفەری زۆرو زەبەندەی بۆ جێگای جیاجیای جیهان كردووە، ئەو سەفەرانەش بۆ ئەو كە كەسێكی زیرەك و دوربین بووە، بابەتی فێربوونی و پەندبوون لە ئاكارو "تقالید" ی میللەتە جیاوازەكان و مێژوویان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ناكرێ جمال الدین بە یەك مەلا سەیر بكرێت، كە هەموو تەمەنی لە لێكۆڵینەوەو شوێن كەوتنی كێشەیەكدا سەرف كردبێت، ئەمە خاڵێكی بینراوە، زیرەكی سیاسی سید جمال الدین و بزوتی مەیدانی ئەو كاریگەری بەسەر لایەنەكانی كەسایەتی ئەودا هەبوو، سید جمال الدین بە پلەی یەكەم ئازاری دەچەشت، ئازاری كۆمەڵگەی ئیسلامی، گرنگترین پرسیارێك كە بەرچاوی گرتبوو ئەو پرسیارەی هەموو نوسینەكان و گووتەكانی نیشانی دەدەن، ئەوە بوو: بۆچی موسڵمانان دوای سەربەرزی ژێرد دەستە بوون؟ "عروة الوثقی" كە لە پاریس بە هاوكاری شیخ "محمد عبده" چاپ بوو ئەمڕۆكە، بابەتەكانی كۆكراونەتەوەو لەبەر دەستدان، ئەم حەسرەتە هزریەی سید جمال الدین نیشان دەدات.

هەروەها "مقالات جمالیە" كە بە فارسی‌یەكی تا رادەیەك گران نوسراون لە هیند چاپ كراون دووبارە ئەوانیش شایەتی ئەم مانایەن، (ئەگەر بشێت ئەو نووسینانە بە نوسین حسێب بكرێت، چونكە نوسینی پێ دەرپێ نین كە كەسێكی لێكۆڵەر لە جێیەك بۆ لێكۆڵینەوە ئامادەی كردبێت و پاشان چاپ كرابن، بەڵكو نووسینی مرۆڤێكی چالاكی سیاسین كە لە مەیدانی سیاسەتدا بە رەهەندی جیاواز تەماشا دەكات و قەڵەمەكەی بە شێوازێك دەسوڕێنێ كە وێڕای راستیە زانستیەكان بەرژەوەندیە سیاسیەكانیش بگرێتە خۆی) دووبارە خوالێخۆشبوو سید جمال الدین سەركی ترین پرسیاری ئەوە بوو بۆچی سەر دەستەیی موسڵمانان بە وێرانەیی گۆڕا، بابەتێك لە سید جمالەوە هەیە دەربارەی ئەو بابەتانە چاپ كراون، لە ژێر هەمان ناوونیشاندا، كە بۆچی (موسڵمانان لاواز بوون)، نیوەی ئەو دیراسەیەی خوالێخۆشبوو بوو (عبدالهادی حریری) پەیدای كردووەو لە گۆڤاری ئایندەدا چاپی كردووە.

لە هەردوو بەشی بابەتەكەدا هەمان پرسیار دەكات كە لە پای دەرختسنی نهێنی ئەوەی نهێنی، دارمانی موسڵمانان و لاواز بوونیان چی‌یە؟ ئەمەش كورتەی ئازاری (سید جمال الدین)ە.

ئەگەر ئێوە هەموو "عروة الوثقی" بخوێننەوە (كە من زۆربەیم بە وردی لێكۆڵیوەتەوە) بۆتان دەردەكەوێت كە بنەڕەتترین پرسیاری سید جمال الدین ئەوە بوو كە ئێمە بۆچی ژێردەستەی ئەوانی دیكەین؟ بۆچی موحتاجی ئەوانین؟ بۆچی لە كاتێكدا ئێمە زانای داناو سوڵتانی پایە بڵندو سەركردەی سەربازی بەهێزمان هەبوون ئەمڕۆكە هیچ كام لەوانە شك نابەین؟ ئەو بۆ هەر جێیەك دەڕۆیشت لە هەر جێیەك سكونەتی بكردایە وێڵی وەڵامی ئەم پرسیارە بوو، ئەو دوو

گوتە بە جێماوەی سید جمال الدین (زانای داناو سوڵتانی پایە بڵند) کلیلی خەزێنەی ئەون رەوتی جووڵەی ئەو دیاری دەکات، سید جمال الدین تا کۆتایی تەمەنی پێی لەو دوو چینە نەبڕیوە، هەمیشە دەیکردە سەر زانایان و هەتا بە بزواندنیان بهێنێ چونکە وای دەبینی کە ئەگەر ئەئو دوو توێژە بجوڵێن ئەوا کۆمەڵگەی ئیسلامی دەجوڵێت، وای دەبینی ئەگەر بیری ئازادی و سەرفرازی بە زەینی ئەواندا گوزەر بکات ئەوا ئەوان کۆمەڵگەی ئیسلامی بە دووی خۆیاندا دەکێشن، هەڵبەت (ئەزمونی سید جمال الدین) بە سانایی ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبوو، لەوانەشە لەبەر ئەوەش بووبێت لەو رۆژگارەدا نەدەکرا بە شێوەیەکی دیکە بیربکرێتەوە، رەنگە خەڵك لەو رۆژگارەدا هێندە دواکەوتوو بووبن کە قسەی راستەوخۆی پیاوێکی سیاسی بۆیان مایەی سود بینین نەبووبێت، ئەو دەیویست کە قسەکانی خۆی لە زاری زانایانەوە بڵێت تا جێکەوتی خۆی لەسەر خەڵەکەکە هەبێت، ئەو رۆژگارە دەسەلاّت و حکومەتی دنیایی سوڵتان هێشتا لای خەڵك جێگەی رێز بوو، ئەو رۆژگارە تیۆرە سیاسیە نوێکان پەیدا نەبوو بوون بەو تیۆرانەی کە سەڵتەنەت بە سیستەمێکی بێ بەهاو دواکەوتوو نیشان دەدەن، خەڵکی هێشتا سوڵتانەکانیان بە سێبەری خوا لەسەر زەوی دەبینی، هێشتا ئەویان بە سپاردەو دیاری خوا دەبینی، بەم شێوەیە نەبوو وەك ئەمڕۆ سەڵتەنەت بەو شێوەیە ئابڕووی چوبێت، بە تایبەت خەلیفەی عوسمانی کە لای موسڵمانان جێنشینی پێغەمبەر بوون، شانیان لەسەر بالیفەی خەلیفایەتی پێغەمبەر دادابوو ئەم بابەتانە هەنووکە بەم شێوەیە کەم بەها نەبوون دەمەوێ بڵێم ئێمە ئەمڕۆکە (١٢٠-١٣٠) ساڵ دوای سید جمال الدین دانیشتووین بزووتی ئەو دەخەینە ژێر دادوەریەوە ناشێ لە جوگرافیای زەمان بێئاگابین، ناشێ وا وێنای بکەین کە سوڵتان و خەلیفە لەو رۆژگارەدا هەمان جێو هەمان حوکمیان هەبوو کە ئەمڕۆکە لای ئێمە هەیانە لە هەموو جێیەك هەروایە سەڵتەنەت، لە ئینگلستان ئەوە نەبوو کە ئەمڕۆ هەیە، ئیمبراتۆری ژاپۆن لەو رۆژەدا وەك ئیمبراتۆری ئێستا نییە، ئەوانە لەو رۆژەدا لەنێو خەرمانی پیرۆزیدا جێگای ئومێدی خەڵکی بوون، ئەوان سەر شار لە رۆحێ بوون کە رەمزی یەکێتی و مەزنی کۆمەڵگابوون کە ئەمڕۆ وا نین بە هەر حاڵ (سید جمال الدین) بەو جۆرە بیری دەکردەوە کە جماندنی زانایان و جماندنی سوڵتانەکان، دەتوانێ هەمان زاناو سوڵتان و سەرکردەی لێهاتوو ئیفراز بکات، لە گرنگترین ئەو خاڵانەش کە جێی سەرنجی سید جمال الدین بوو جیاوازی نێوان موسڵمانان بوو کە خۆی لە نووسینەکانیدا ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەم پشت لە یەکتر کردنە، (تدابرو تخاذل) باوکی موسڵمانانی دەرهێناوە، کە بە گوتەی خۆی ئەم دەوڵەتە، موسڵمانانە ئەگەر نوێنەر بگۆڕنەوە سۆزو خۆشەویستی بۆ یەکتر بنوێنن، دەستی یەکگرتن بخەنە ناو دەستی یەکدی ئەوا سەربەرزی موسڵمانان دووبارە نوێ دەبێتەوە، ئەوان دووبارە بەختەوەر دەبنەوە، من ناڵێم (سید جمال الدین) رامانی دەربارەی ماهیەتی ئایین نەبووەو، تەنها بە بوونی دەرەکی ئایین تێدەفکری ئەوەی تا ئێستا وتم دەربارەی بوونی دەرەکی ئایین بوو، لێ ئەمەن لەو بابەتانەدا کە دوای وی بەجێ ماون، لە هەمان شوێندا لە دەرکی موسڵمانان رەخنە دەگرێو لە سەر بابەتێکی وەك قەزاو قەدەردا بە تایبەت خاڵی بەهێز روون دەکاتەوەو، دەڵێت: هەر ئـو

قەزایەی کە موسڵمانان لە سەرچاوەی ئەو ئاوی ژەهراوی نۆش دەکەن، بۆتە هۆی ژەهراوی بوونی گشت لایەك، هەموو شتێکیان بەخواو بەهێزە نەبینراوەکان دەسپێرن، خۆیان دەستەپاچەو بێ حاڵ و بێ ئیرادە لێی دانیشتوون، ئەمە خودی ئەوە بوو رۆژێ لە رۆژان مایەی بزواندنی موسڵمانان بوو، بەوەی بەشێك لە چەمکە ئیسلامیەکان دوچاری دونادون بوون و لە سۆنگەی خراپ حاڵی بوون لێیان بوونەتە مایەی زێتر کردنی دارمانی موسڵمانان، (سید جمال الدین) ئاگادار بوو بۆیە لە زاناکانی ئیسلامی داوای دەکرد کە ئەم چەمکانە سەرلەنوێ بۆ موسڵمانان پێناسە بکەنەوە، مانا ئاراستەکان لە زەینی موسڵماناندا بسڕنەوە، لێ ئەفسوس جوڵەو پەیامی (جمال الدین) بەهۆی یەکەم سەرنەکەوتنی راستەوخۆی خۆی دووەم بە هۆی فەزای بێدەستورو ژەهراوی بە سیاسەت و دارمانی گەورەکە لەنێو دەسەلاتدارە موسڵمانەکاندا بوونی هەبوو، گوێ لە مستی ئەوان بۆ بێگانەکان بە شێوەیەك کە شیاو بێت لە سەردەمی حۆیدا جێکەوتی نەبوو، لێ دوای خۆی پەسمەندەو ئاساری پڕ فەرِی هەبوو، کاتێ خۆی لە مەیدان چووە دەرێ (وەك دەوترێ گوایە دەرمان خواردکراوە)، قوتابیەکانی یانی خوالێخۆشبو محمد عبده و رشید رضا بەردەوامییان بە رێگەکەی دا، ئەم قوتابیانە زێتر، رەهەندی هزری و لێکۆڵینەوەیان گرت و دەرکی ئەوەیان کرد کە لە نێو موسڵماناندا لە روانگەی رۆشنبیرییەوە لاوازی هەیە، کە تا زەمینەی رۆشنبیری دروستی نەڕەخسێنرێ، بزوتنەوەی سیاسی، لەنێو ئەواندا لە جێگەی شیاوی خۆی نابێت، لێرەوە دەستیان دایە سازاندنەوەی زەمینەی رۆشنبیری، دانی ئاگاداریەکانیش بە خەڵك، ئەو کارەش محمد عبده کردی و بریتی بوو لە گەڕانەوە بۆ سەلەف و سەرهەڵدانی سەلەف خوازی بوو دواتر لە کارەکانی خوالێخۆشبوو "شەریعەتی"دا جێکەوتی دەبینین، ئەو جوڵەیەی سید جمال الدین دەستی پێکرد بە قوتابیانی خۆی گەیاند کە یەکێك لە هۆکارەکانی دارمانی موسڵمانان بریتییە لە قورس بوونی ئاینی ئەوان، زۆرێك لەو ئەندێشانەی کە بە ناوی ئاینەوە لەناو ئەواندا کاردەکات لە ئایین نین بەڵکو زیان بە ئایین دەگەیەنن، ئەو چەشنەی دواتر شەریعەتی نێوی (رۆشنبیری ئایینی) لێنا، یانی ئەو رۆشنبیریەی کە بزوێنەر نییە، موسڵمانان تووشی شەڕە گوتەو جەدەلی بێ مانا دەکات، ئەگەر دونیا ئاو بیبات ئەوان لە خەوی خۆیان بێزار نابن هیچ کاریگەریی لە ژیانی واقعی ئەواندا نابێت، ئەم رانانەی (سید جمال) بوو کە بەرە بەرە لەنێو کۆمەڵگەی موسڵماناندا بە فۆرمی رێنیسانسی سەلەفی خۆی نیشاندا، لێرەوە ناکرێ ناشێ جێکەوتی (جمال الدین) بەسەردەمی خۆی کۆتا بکرێ ئەو قوتابیانەی ئەو سازاندنی، ئەو جوڵەیەی لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا کردی دواتر بەرهەمی خۆیدا، بۆ نموونە: یەکێکی وەك شەریعەتی لەنێو کۆمەڵگەی خۆماندا دەکرێ بە دەست نەمامی (سید جمال الدین) دیاری بکرێ، هەرگیز کاریگەری هیچ پیاوێکی مێژوویی لە زەمانی فیزیکی خۆیدا قۆرخ ناکرێ و بەڵکو قوتابیەکانی و درێژەدەرانی رێگای وی دەشی بە بەردەوامی رەوتی ئەو دابنرێن، بۆیە دەبی کارەکانی شەریعەتی بە بەردەوامی رێگەی (سید جمال الدین) بزانرێت، هەروەها باری ئەوانەش کەوا شەریعەتی جێکەوتی لە سەریان هەبووە*.

*هەندێ لە رۆشنبیران وێنەی محمد ئیقبال و شەریعەتیش کە خۆیان ئیلهامی کاریان لە سید جمال الدینەوە وەرگرتووە، رەخنە لە سید جمال الدین دەگرن کە زۆرینەی تەمەنی خۆی لە کۆچ و هاتووچۆ کردن لە نێوان سوڵتانەکاندا گوزەراند، با ئەو هەموو تەمەنەی لە کۆچدا گوزەراندی، لە بە ئاگاهێنانەوەوی موسڵماناندا بیبەخشیایە ئەمەشیان لە بابەت رەخنەو سوچ گرتن لە (سید جمال الدین)دا دەڵێن!.

*بە بۆچوونی جەنابت تا چەند شیمانەی هەیە ئەم رەخنانە لە سید جمال الدین بگیرێن؟

*هەر بەو شێوەیە لە پێشدا باسم کرد ناتوانرێت بگوترێت کە سید جمال الدین سەروکاری لەگەڵ خەڵکیدا نەبوو هەروەکو لە دیرۆکی ژیانی ویدا دەخوێنینەوە کە ئەو گوتاری ئاگرینی دەداو گوێگرانی ئەم گوتارە ئاگرینانەش رەشە خەڵك بوون، تەنها خاوەن پلەو رۆشنبیران نەبوون، لێ هەر بەو شێوازەی کە گوتم وا دەردەکەوێت کە سید (جمال الدین) پێی باشتر بوو کە خۆی لەسەر زاری زانایانەوە بگەیەنێت ئەو فەتوایەی کە ئەو موفتی‌یە شیعە دای هەرگیز لە پەیامی سەرزاری سید جمال الدین وە نەدەبیسرا، ئەگەر ئەو بهاتایەو حەرام بوونی توتنی رابگەیاندایە و زێتر رایەکی سیاسی واز لێهێنراو دەردەکەوت و نە کاردانەوەیەکی دەبوو و نە دەشبوویە فاکتەرێك، لێ کاتێك ئەو گوتەیەی لەسەر زاری زانایەکەوە درکاند بینیمان چ کاردانەوەیەکی هەبوو، بوو بە رووداوێکی مێژوویی، لام وایە کە (سید جمال الدین) باوەڕی بە پاڵێکی خێراو کت و پڕ هەبوو ئەمەش بە سانایی بە زانایەکی گەورە یاخود دەسەڵاتدارێکی بە توانا بە شێوەیەکی گشتی بە خاوەن پایەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز نەبێت ناکرێت لە بزاڤی وردو پلە پلەو لەسەرخۆ کە مرۆڤ وەکو باخەوان لە پای نەمام دابنێشێ و خزمەتیان بکاو بڵێ: بەریان ئەگەر بۆ منیش پێ نەگات ئەوا بۆ نەوەکانم بەریان دەبێت، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە لای (سید جمال الدین) بوونی نیە، بە بۆچوونی وی کاتەکە زۆر لەوە درەنگترە، بۆیە ئەو نیازی وا بوو جوڵەیەکی خێراو زیاد لە پێویست کاریگەر شەپۆلێك لەنێو کۆمەڵگەدا دروست بکات، لەوانەیە، ئەمەی لەو حەدیسەی پێغەمبەرەوە وەرگرتبێت کە دەفەرموێ: (دوو توێژ لە ئوممەتی من چاك بوونیان چاك بوونی ئوممەتە، و خراپ بوونیان خراپ بوونی ئوممەتە، ئەوانیش زاناو میرەکانن) بە هەر شێوەیەك بێت هەم میران و هەم زانایان ئەوەندە لە دوای زەمکانی خۆیانەوە بوون، کە بزواندنەکانی سید جمالیش ئەوانی نەدەبزواند زۆرینەیان لەسەر رەوتی پێشینان بەردەوام بوون، بەڵام نابێت لە ئاست راسیتدا چاو بنوقێنین گوتەی وی لە ئێران دەنگدانەوەی خۆی هەبوو، زۆرینەی زانایان لەگەڵ "مشروطیەت" رووبەڕوو کردەوە بە وەرگرتن یاخود رەدکردنەوە، ئەوە بۆ خۆی چیرۆکێکی دیکەیە!.

لەوانەیە ئەو رەخنەیەی کە ئەو بۆچی راستەوخۆ بەرەو رووی خەڵکی نەچوو، ئەمە بە هۆی بی ئاگابوونی رەوشی ئەوە، سەرنج بدەن ئەمرۆکە بەرەو خەڵکی چوونی رۆشنبیران کە کارێکە ئاسانتر تا ئەو رۆژگارەی کە ئامرازە گشتی‌یەکان لەنێودا نەبوون، ئەم نیوە بەرگری‌یەیش لە مافی مرۆڤ هەم بابەتێکی بلاو نەبوو، تۆ گوتەکانی شەریعەتی لەبەرچا بگرە گوتەکانی یەکسەر بە نووسین دەکراو چاپ دەکرا، و لەبەر دەستی ئارەزوو مەنداندا دادەنرا لە سەردەمی سید جمال الدین ئەم جۆرە کارانە، هەرگیز شیمانەی نەبوو بۆیە بە ئاگاهێنانەوەی جەماوەر لە سەردەمی سید جمال الدین هەرگیز نەدەشا بکرێت،

*هەرچەند بە شێوەیەکی دەرەکی لە گوتەکانی بەڕێزتان دەردەکەوت، بەڵام ئایا ناکرێ بوترێت بزوتنەوەی ئیسلامی لە چەرخی پێشودا رەوتی پەرەسەندنی گرتبوویە بەر، ئەگەر دەشێ رەهەندەکانی و زەمینەی ئەو پەرەسەندنە دەست نیشان بکرێن؟!

*وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە تا رادەیەك گرفتی هەیە، بێگومان من رای خۆم دەردەبڕم هزروانێکی ئاینی ئەمڕۆکە تەنانەت ئەگەر بشیەوێت ناتوانێت وەك (سید جمال الدین) بکات، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ کۆمەڵگەو ژیانی ماددی بە جۆریك گۆڕاوە کە بە شێوەیەکی سروشتی زۆرێك لە رەوش و توانا نوێکانی لەبەر دەستی کەسی هزرواندا داناوە، کە لەو رۆژگارەدا نەبووە، واتە ئێمە ناچارین کە بە شێوەیەکی نوێ کاربکەین، ئەم تێبینییەم درکاندا تا پێویستی بەرەو پێش چوونی بزوتنەوەکان لەگەڵ پەرەسەندنی زۆرەکی بەرەو دواوەی کۆمەڵگە لەبەر چاو بگریرێت، ئەمڕۆکە کەسێك بیەوێت لە تێکدانی کۆمەڵگاکان بکۆشێ هێندە توانای پراکتیکی و تیۆری لە بەردەستایە کە لەوەو پێش شیمانەی نەبووە، ئەگەر لە ریفۆرمیش هەوڵ بدات هێندە توانای لەبەر دەستایە کە بۆ پیشینان نەڕەخساوە، ئەمانە لە رووی پراکتیکییەوە ئەگینا لە رووی تیۆرییەوە مەسەلەکە روونترە، ئەم پرسیارانەی ئەمڕۆ بەرامبەر کۆمەڵگا موسڵمانەکان دەبنەوە، گەلێ بڵند ترو قوڵتر لە پرسیارە پێشینەکانن دین ناسی نوێ بابەتانێکی گەلێ گرنگتری هێنایە بەو باس و برێ لە پرسیارەکانیش وەڵامی خۆیان وەرگرتووە "١٥٠" ساڵ پێش ئێستا کتێبێکی وەك "وە ئاگا هێنانەوەی ئوممەت" لە کوێوە دانرا، یاخود "ئیسلام و مارکسیەت" چۆن دەخوڵقا، ئەوانە بەرهەمی چاوەڕوان نەکراو بوون کە هاتنە پێش و رێنیسانسی ئیسلامی و ریفۆرمی ئیسلامییان بەرەو پێشەوە برد دەبێت ئێمە سەبارەت بە ئایندە گەشبین بین، ئەو فانۆسەی کە هەڵکراوە خودانی گری جاویدانی بزانین، ئیشەکانی (سید جمال)مان بینی چۆن بوون، بزووتی ئەو بوو بە پەندی ئەوانەی کە پاشتر هاتن، لە بنەڕتدا چەندین بزوتنەوەی بە شوێن خۆیدا راکێشا!، کەسانێك زێتر شوێن بزوتنەوە سیاسیەکان کەوتن، کەسانێکی دیکە هەم کاری مەعریفی و هزریان گرتە بەر، لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو تۆوی ئەو ئەندێشانە لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا وەشێنرا، ئەمڕۆکە بۆ ئێمە زۆر سروشتییە، بەڵکو لەوە سروشتی تر نییە کە لە داڕمانی موسڵماناندا تێڕامێنین و بدوێین، لە چەرخی نۆزدەدا پرسیاری لەو شێوەیە پرسیارێکی سروشتی هەمەگیو گشتگیری موسڵمانان نەبوو، لە بنچینەداو بە هچ شێوەیەك، ئەگەر مەزنی کەسێك بەوە دەستنیشان بکەین کە کارێکی ناسروشتی بە کارێکی سروشتی گۆڕیبێت، ئەوا (سید جمال الدین) دەشێت زۆر سەرکەوتو حسێب بکرێت بە رچەشکێنی رێگایەکی دابینێین کە دواتر رێبواری زۆری پێدا تێپەڕ بوون، سید جمال الدین و هاوڕێکانی ئەم پرسیارەیان بۆ کۆمەڵگە موسڵمانەکان رۆ کردو بە شێوەی خۆراکێك دەرهێنا کە بیریارانیان لەوەوە بەردەوام خۆراك وەربگرن، ئەویش ئەوە بوو بۆچی ئێمە لێرەداین و خەڵکی دیکە لە شوێنی دیکەدان، لە نێوان ئێمەو ئەواندا چۆن ئەو دورییە فراوانە پەیدا بووە.. نهێنی مەزنی ئێمە پێشتر لە چیدا بوو ئێستەش نهێنی داڕمان و دواکەوتنمان چییە؟!

کۆمەڵگەیەك لە دارمانی خۆی نەپرسێت بێگومان هەر لە دارماندا دەمێنێتەوە، پرسیار لە دارمان ئاماژەی قوتاربوونە لەو، ئەمە کلیلێك بوو سید جمال الدین بە دەستییەوە بوو و توانی بەهێزی ئەو جێکەوتەی کە لەسەر گوێگرانی دای دەنا جددی بوونی ئەم پرسیارە نیشان بدات، ئەوان بە شوێن خۆیدا کەمەندکێش بکات، بۆیە دەبینین زۆرینەی ریفۆرمیست و بیریارانی دواتری موسڵمانان لەم پرسیارەوە دەستیان پێ کرد، موتالای مێژووی موسڵمانان و نهێنیی مەزنی و دواکەوتنی موسڵمانان بە مەنهەج و میتۆدی کاری خۆیان دانا. بزوتنەوەی سید جمال الدین زێتر بڵاودەبێتەوەو رەگ و ریشەی زۆرتری لێ دەبێتەوە، خوالێخۆشبوو محمد ئیقابل کەسێکە بە دڵنیاییەوە لە بزوتی (سید جمال الدین)ی خوێندۆتەوەو جێکەوتی لە سەری داناوە، و دواجار ئەو بیریارێکی بێ ئەندازە لێهاتووە کتێبی (زیندوو کردنەوەی هزری ئایینی) ئەو لەو کاتەدا بە یەکێك بەرهەمەکانی سید جمال دادەنرێت لە هەمان کاتدا ئەوە خۆی بۆ خۆی بەکارێکی جوێ و سەربەخۆ لەم مەیدانەدا دادەنرێت، محمد ئیقبال خۆی بەو ئەندازەیەی بیرمەندو ریفۆرمیستێکی هزری بوو بە هەمان ئەندازە ریفۆرمیستێکی سیاسی بوو لەگەڵ بزوتنەوە سیاسیەکانی هینددا لە بەرامبەر داگیرکەر بەشداری چالاکیەکانی دەکرد، بێ شك یەکێکە لە کەسایەتیە ناودارە ئیسلامیەکانی ئەم چەرخەیەو بەدڵنیاییەوە دەشێ ئەو لەو کەسانە بزانێن کە لە بزوتنەوەی سید جمال الدین سودمەند بووەو من لە نوسینەکانی دیکەمدا ئاماژەم بەوە داوە کە خوالێخۆشبوو دکتۆر شەریعەتی لەو کەسانەیە کە لە ژێر کاریگەری محمد اقبال لاهوریدا بووەو دەشێت ئەویش بە یەکێك لە پاشماوە چالاکەکانی سید جمال الدین حسێب بکرێت، کە خودی دکتۆر شەریعەتی خۆیشی سید جمال الدین ناسی بوو بەو ئەندازەیەی لە توانایدا بوو لە راڤەکردنی بزوتنەوەی ئەودا هەوڵی داو خاڵی وردی زۆری لەو نێوەندەدا پێشکەش کرد، بزوتنەوەی ئیسلامی هەنووکە کە گەلێك زۆر لە دەورانی سید جمال الدین دورکەوتۆتەوە و پێشتر کەوتووە، بێژووك ئەگەر سەیری کۆمەڵگەی ئێرانی بکەی بە بۆچوونی من رۆشنیری ئایینی هەنووکە چەمکێکی چەسپاوە، من کە دەڵێم رۆشنبیری ئیسلامی بزوتنەوەیەکە هزری کە لە دەرەوەی مزگەوت و حوجرەکانداییە، بەڵام مەرج نییە دژە حوجرە بێت کە یەکەم دواکەوتنی موسڵمانان بابەتی گرنگی پێ دراویەتی، دووەم لە بیری ریفۆرمی سیاسی و ریفۆرمی ئایینیدایە، سێهەم لە دەرەوەی حوزەدا پی گەیوەو کار دەکات، بۆچونە حوجرەیی و تەقلیدییەکانی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆی، بە بۆچوونی من گرنگترین کارێك کە دکتۆر شەریعەتی پێی هەڵسا ئەوە بوو کە ناوەندی حوجرەو ناوەندی ئەکادیمی ئێمەی سەبارەت بە پرسیارە گرنگەکان وە ئاگا هێنایەوە، بەڵکو ناچاری کردن کە لەو پرسیارانە تێرامێن، ئەو پرسیارانەی پێش ئەو جێی گرنگی پێدان نەبوون، هە ر لەبەر ئەوەش عەرزم کردن کە بزوتنەوەی سید جمال الدین بزوتنەوەی ریفۆرمی ئایینی و سیاسی ئەو لەنێو کۆمەڵگە جێگەی خۆی پەیدا کردووە، بە شێوەیەك تا ئەوەی حوجرەو مەلایانی ئێمەش شۆکەیان تێکەوتووەو زۆرباش لێ بە رێژەی ئەوەی لەوەوپێش کە هەیان بو زۆر رێگەیان بریوەو وشیارییەکی زۆر پیرۆز لە نێوانیاندا پەیدا بووە، هەر ئەم هوشیارییە پیرۆزەیە هیوای ئێمەی بە بزوتنەوەی ریفۆرمی لە ئایندەدا زێتر کردووە.

ئاماژە بەوەش بدەم کە زۆر بە داخەوە شارەزایی سەبارەت بە بیریارە عەرەبەکان لە وڵاتی ئێمەدا زۆر کەمە، خوێنەوارانی ئێمە هێندەی دەربارەی بیریارە بیانییەکان دەزانن هێندە دەربارەی رۆشنبیرە موسڵمان و عەرەبەکان نازانن، بەرهەمەکانی ئەوان بۆ فارسی وەرناگێڕدرێن و ناناسرێن، ئەمە بۆ خۆی نیشانی دەدات کە حوجرەکانی خەریکی چین؟ لە یادمە پێش شۆڕش کەسایەتی ناوداری میصری و سوری و عیراقی بەرهەمەکانیان بە فارسی وەردەگێڕدران، وێنەی خوالێخۆشبوو سید قطب و محمد قطب و محمد غەزالی و.. هتد. ئێستا ئەو تاسەو شەوقەی کەو بۆ ئەو کارە هەبوو بە هیچ شێوەیەك نابینرێت، نەوەك وا بزانرێت ئەو بزووتنەوەیە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا وەسێنرابێت، هەرگیز وا نیە، ئەمن لەبەر ئەو ئیحساسەی سەبارەت بەو مەسەلەیە هەمە هەوڵم داوە بە بزوتنەوە هزریەکانی ئەو وڵاتانە ئاشنابم، ئەزانم و ئەبینم (لەوانەیە من زۆرتر بگەڕێم و ببینم) ریفۆرمی ئیسلامی بزوتنەوەیەکی زۆر جیدیە لە جیهانی عەرەبدا.. زانکۆییەکانیان و زانایانیان زۆر کاران لەم بوارەدا، ئەم هەموو بزووتنەوانە پیشاندەری بەشێ لە بزووتی چاکسازی ئیسلامین لەم چەرخەداو هەڵگری شوێن پێی سەید جەمالەدین و هاوڕێکانیانن لێرەوە وا دەبینم سوپاس بۆ خوا بزوتنەوەی چاکسازی ئیسلامی لە درەوشانەوەو پێشکەوتندایە ئەو فانۆسە نەك هەر نەکوژاوەتەوە بەڵکو نەوە بە نەوە رۆشنتر بووەو ئومێدی ئێمەی سەبارەت بە ئایندەمان زێتر کردوە.

دەبێت ئەوەشی بخرێتە سەر هزری رۆژئاوایی کاتی بەرەو رۆژهەڵات کشا بزوێنەری بەهێزی بیریارە ئیسلامییەکان بوو، هەنووکە جێکەوتی ئەم بزواندنە نمایان و بەردەوامە، بە شێوەیەکی گشتیش موعاناتی هاوبەش لە نێوان هەموو دینداراندا هەیەو دەشێ لە ئەزمونی یەکدی سوود ببەن، هەڵەیەکی گەورەیە وا بزانرێت ئەو بەڵایەی ئەمرۆکە تووشی موسڵمانان بووە بەر هیچ کۆمەڵگەیەکی دیکە نەکەوتووە، یان وا بزانین بیریارە رۆژئاواییەکان لە دژی هزری ئیسلامی پیلان دەگێڕن.. ئەمە بۆچوونێکی منداڵانەیە، ئێمە لە نێوان مەسیحیەکاندا زانایانی ئایینی وا دەناسین هێندە حەماس و هەست بە بەرپرسیاریان هەیە وەك ئەوەی زانایەکی موسڵمان بۆ ئایینەکەی هەیەتی.. ویستوویانە لە بەرامبەر ئیلحادو بێ دینی ئایین بەسەرفرازی و سەربەرزی بهێڵنەوە.. ویستوویانە دەرکی راستەقینەی ئایین بکەن، ئەزموونی هاوبەش زۆرەو دەتوانین و پێویستە هەموو سود ببەین، بێ مەلامەت نیە دەمێ خوالێخۆشبوو د. شەریعەتی لە نێوان ئێمەدا سەرهەڵدەدات بێ وەستان رۆژاواییەکان ئەو بە (لوسەر)ی جیهانی ئیسلامی ناو دەبەن، لەبەر ئەو ئازارە هاوبەشانە پرسیارەکان و وەڵامەکانیش هاوشێوەن ئەمەش خوادی بەرەو پێشەوە چوونی هزری ئایینییە لە کۆمەڵگەی ئایینیداو بە هیچ شێوەیك بۆنی پلان و دەمامك و لادان و دەستتێوەردانی لێوە نایێ و ناشێ ئەو گوزارشانەی بۆ بەکاربرێت!.

*بە رای بەرێزتان لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی ئەو بزوتنەوانە کامانەن، چونکە دەکارێ لەبەرچاوگرتنی خاڵە بەهێزو لاوازەکان بۆ پەرە پێدان و بەردەوامبوونی جووڵە زۆر بە سود بن.

-خاڵە بەهێزەکانم بە کورتی باس کرد؛ یەکێکیان رەوشی بەرەو کاملبوونی ئەو بزووتنەوانەیە، بە بۆچوونی من ئەم پەیامە باش وەرگیراوەو رۆچوون و جێکەوتی شیاوی خۆی لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا هەبووە، بە شێوەیەك گۆڕاوە کە جیدی بوونی دیارە، ئیدی کەسیش

ناتوانێت ئەو ناچار بە کەنارگیری بکات.. پرسیارێکە گەلێ مەزن و هیچ دینداریکیش ناتوانێت خۆی لەوەلامدانەوەی قوتار بکات، پەندێکیش کە دەشێت لە کاری سەید جەمالەدینەوە وەربگیرێت ئەوەیە کە زۆر هیوا بە دەسەلاتداران و سوڵتانەکان نەبەسین، لە بنەوە بە شوێن پێکەوەنانی تیۆری نوێ بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵگەی ئیسلامی بین لەوانەیە لە سەردەمی (جمال الدین)دا تیۆری سوڵتانی تەنیا تیۆرێك بۆ سیاسەت بووبێت لای موسڵمانان ئیدی لە تیۆرەی ئابوری و کۆمەلایەتیو هتد.. هیچ هەواڵێك نەبوە، بەلام لە سەردەمی ئێمەدا ئەمە بە هیچ شێوەیەك وا نیە. موسڵمانان لە بەردەم کرانەوەدان تا بۆ حکومەت بۆ ئەخلاق بۆ ئابوری تیۆری نوێ پێکەوە بنێن، هەموو ئەمانەش پێویستی بە سەرلەنوێ بیرکردنەوە هەیە، خۆشبەختانە لەم نێوەندەشدا کاری زۆر چاك ئەنجام دراوە، ئەمانە خاڵی بەهێزن و نابێت بچووك سەیر بکرێن و دەشێ لەبەرچاو بیگرێن و هەردەم بخوێنرێنەوە لێرەدا خاڵێك پەیوەدی بەم مەسەلەیەوە هەیەو دەمەوێت باسی بکەم؛ ئەویش ئەوەیە زۆر جار دەبێت کەمتەرخەمی بەرامبەر کەسە پێشینەکان دەکرێت، جێی پەند لێوەرگرتن نابن دەکارێ ئەمەش بە یەکێك لە خاڵە لاوازەکان حسێب بکرێت.

یەکێکی دیکە لە خاڵە لاوازەکان پەرتەوازەیی و پەرش و بلاوی هزریە، لە جیهانی ئێمەدا هزرەکان زۆر خێرا دێن و دەچن هزرو قوتابخانەی هزری زۆر پێشنیار دەکرێن، ئێوە ریفۆرمیستە ئیسلامییەکان ببینن، برێکیان رۆژئاوایی ترو برێکیان سوشیالی ترو برێکی دیکەیان لیبراڵن، تا ئێرەش گرفتی تێدا نیەو بەهەر حاڵ، ئەمرۆکە بزوتنەوەی سیاسی نوێ لە جیهاندا سەری هەڵداوە پێشتر کۆمەڵگەی سوشیالستی و مەکتەبی کۆمۆنیزم دەرکەوت، تیۆری پەرەسەندن تاوی زۆر تری گرتووە، راو ئازادی مانای دیکەیان وەرگرتوە دین ناسی نوێ پەیدا بوە، زۆرێك لەمانەش وزە بەخشی بیریارانن بزوتنەوەی ریفۆرمی ئایینی فۆرمی جیاوازی گرتۆتەخۆ، ئەم بابەتەش لەم روەوە پیرۆزە بەهەرحاڵ دووبەرەکی هەر دووبەرەکییەو خەوشی تایبەت بە خۆی هەیە، بێگومان من هیچ دەوایەکیش بۆ ئەم مەسەلەیە بە چارە نابینم.. واتە ناڵێم هەمووتان وەرن لە ژێر یەك ئالادا کۆببنەوەو هیچ ئامۆژگاریەك ناتوانین بکەین، لێ دەشێت ئەوەش بووترێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەمرۆکە کار زۆر دژوارتر بوە، گوتاردان بۆ جەماوەرو چونە نێو کۆمەل و پەیامی خۆت بەوان دان ئاسانتر بوە (ئەویش نەك لە هەموو حاڵەتێکدا)، بەلام پەیامەکانیش زۆر و هەمەجۆرن، لە سۆنگەی هەمان هۆشەوە کاریگەرییان کەمترە، چونکە ئەو دەمەی ئەو پەیامانە بەرامبەر بە یەکدی دەبنەوە لە هێزی یەکدی کەمدەکەنەوە دونیای ئەمرۆ ئاوایەو دەبێت لە دارستانی بیردا ئازایانە دابڕێو، رێگەیەك بۆ بەرو پێشەوەچوون بکەیتەوە، ئەوەی لێرەدا جێی هیوایە ئەوەیە بیریاران پەیوەندیان لەگەڵ یەکتر نەپچڕێنن، خاڵە جیاوازەکانی نێوانیان زێتر لەوەی کە هەن گەورەتر نەکەن.. راگۆڕینەوەو پەیڤین بە رەوشی کاری خۆیان دەربهێنن و یادی بیریارانی پێش خۆیان زیندوو بهێڵنەوە، من ئەمرۆ دووری نێوان رۆشنبیرانی ئاینی و عەلمانی لە کۆمەڵگەدا دەبینم.. ئەم دووریەش پێش شۆڕش هەبوو، بەلام تا لە شۆڕش نزیکتر دەبووینەوە پەیوەندی و هاتووچۆو بە ئاگابوون لە حاڵی یەکدی زێتر دەبوو، ئەمرۆکە هێڵێکی رەشی ستەمکارانە لە نێوانیاندا کێشراوە.. نە ئەمان هەواڵی دونیای

ئەوان و نە ئەوانیش هەواڵی دونیای ئەمان دەپرسن جیهانی هەر کامیان لە بوونی ئەوی دیکەیان بە تەواوەتی پاك بۆتەوە روویان لە یەکدی وەرچەرخاندوە ئەمە لە کاتێکدایە جیهانی رۆشنبیری بەهەر شێوەیەك بێت را گۆڕینەوەی هزریە، ئەم را گۆڕینەوەیەش ئەگەر بە شێوازی راست نەیەتە دی ئەوا هەر دوو لا زیانبارن. گوتەکانیان پووچەڵکەری یەکدی یاخود بێگانە بە یەکدی دەبن.. سەیرە تا هەنوکەش رۆشنبیرانی عەلمانی لە رۆڵی ئایین لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بێ ئاگان، ئەوەش هەڵەیەکی زەقە برێ لە رۆشنبیرانی ئایینپەروەر بێئاگان لە توانای هزرە نوێکان لە راست کردنەوەی هزری ئایینیدا.

خاڵێکی دیکەی بەهێزی بزوتنەوەی ریفۆرمی بەرە بەرە گۆڕانیەتی لە بزوتنەوەیەکی سیاسی پوختەوە بۆ جووڵەیەکی هزری و مەعریفییتر، بانگخوازە ئایینەکان بۆیان دەرکەوتووە تا بیری بەهێزو دەرکی قووڵیان نەبێت و لە نێو جەماوەردا بڵاوی نەکەنەوە کارەکانیان پایەدار نابن، محەمەد ئیقبال و عەبدەو شەریعەتی دوندی ئەم هزر خوازیەن، جا لێرەدا کارەکە ئاڵۆزتر بوو؛ بزوتنەوەی سیاسی و هەندێ جار سەرکەوتنی سیاسی زێتر لە چاواندا جێ دەگرێ و زێتر بە دڵەوە دەنوسێ، بەڵام جووڵەی هزری نە ئاسانەو نە بینراوو بەرجەستەشە نە ئەوەندەش چاو دەبڕێتە دەسەڵات بیەوێت لەسەر کورسی حوکم دابنیشێ، رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی ستەمکارو تۆتالیتار ئاسانترە لە جەنگان لە دژی باوو نەریت و هزری پڕو پووچ و رۆچوو و نووساو بەدەست و پێوە لەوێ لەزەتی سەرکەوتن هەیە (لانی کەم شەهید بوونی بوێرانە)، لێ لێرە تۆمەتی ئیلحادو بێ دینی و کەنار خستنی سیاسی و هزری!.

*بە بۆچوونی هەندێك یەکێك لە روە نێگەتیفەکانی بزوتنەوەی نوێخوازی ئایینی بریتیە لە قۆزتنەوەی لەلایەن کەسی هەلپەرست و بۆ مەرامی نادروست.

*ئەوە بەوە دەکات کە بوترێت: یەکێك لە خەوشەکانی زانست ئەوەیە کە هەڵەی تێدا پەیدا دەبێت، بێگومان قۆزتنەوە لە هزری نوێخوازی ئایینیدا پەیدا دەبێت، لێ ئەمە یەکێك لە دەرکەوتە سروشتییەکانی ئەم بابەتەیە لێ ئێمە ناتوانین کەسی لەسەر سەرزەنشت بکەین. ناڵێم ئەگەر پێشهات و هەستمان پێکرد هەوڵی چاککردنی نەدەین، لێ ناشێ ئەوەش بکرێتە کوتەکی سەر رینیسانسی ئیسلامی؛ گوایە هەر کاتێك ریفۆرمی ئیسلامی بووبێت یەکسەر بۆ بابەتی دیکە قۆزراوەتەوە مادام ئەم قۆزتنەوەیەش چشتێکی خراپ بێت ئیدی ریفۆرمی ئیسلامیش خراپە.. ئەمە بەڵگەهێنانەوەیەکی هەڵەیە هیچ کارێکی باش لەبەر هەندێ دەرکەوتەی نێگەتیف پشت گوێ ناخرێت، پێغەمبەری ئیسلام کاتێك بانگەوازی دەست پێکردو لە لایەن خوداوە هەناردە کرا، بە بۆنەی ناردنی ئەوەوە هەندێك کافر بوون، یانی لە بەرامبەر جووڵەو هزری ئەودا وەستان، ملیان نەداو گومڕا بوون، بەم پێیە دەشێ کەسێك هەڵسێتە سەر پێ و بڵێت پێغەبەران هەموویان کافر تاش بوون، بەڵی پێغەمبەران کافر تاش بوون، ئەسڵەن بە بۆچوونی (سوڵتانی کوڕی مەولەوی) پێغەمبەران بێجگە لەمە کارێکی دیکەیان نەبوە، ئەمەش گوزارەیەکی گەلێ سەیرە!، ئەو دەبێژێ پێغەمبەران هاتن تا روون بێتەوە چ کەسانێك لە بەرامبەر ئەواندا دەوەستێت، چونکە ئەگەر ئەوان نەهاتنایە ئەوە دەرنەکەوت چ کەسانێك دژە راستین، خودا ویستی نیشانی بدات کێن دژە راستی و کێهاش راستی خوازن، بەندە ئەمە ناڵێم بەڵام

یەکێك لە دەرکەوتە سروشتی‌یەکانی بزووتی پێغەبەران ئەوە بوو؛ دەمێ دەرکەوتن دژەکانیان یەك لە دووی یەك دەرکەوتن، پێغەمبەری ئیسلام کە نێردرا بڕی پێغەمبەری درۆزن و تێکدەرو شێوێنەریش پەیدا بوون، ئەوانەش پەیدا بوون کە بە نێوی پێغەمبەرەوە ئەو هەموو حەدیسە درۆیەیان لە نێوان موسڵمانانندا بڵاوکردەوە، ئەگەر پێغەمبەر و سوننەت و ئایەت نەبوایە زەمینەیەك بۆ حەدیسی ناڕاست و درۆ دروست نەدەبوو!. ئەمەش بەشێك لە دەرکەوتە سروشتی‌یەکانی هەر بزوتنەوەیەکە، کاتێ دەگوترێت جاری وا هەیە وا دەردەکەوێت کە خاوەنی هەر مەکتەبێکی هزری بەو هۆیەوە ئەو مەکتەبەی داناوە کە بڕێك بیشێوێنن و درۆی بە دەمەوە هەڵبەستن، کاتێکیش دەگوترێت هەر کاتێك مەکتەبێك پەیدا بوو بە شێوەیەکی سروشتی شێواندنو درۆ هەڵبەستن بەدەم ئەو مەکتەبەوە پەیدا دەبێت، بێگومان ئەم گوتەیەی دوایی لەوەی پێشوو جودایە، ئەگەر کۆمەڵگەی ئاینیی نەبوایە هیچ پیاوێکی ئاینی خەڵك خەڵەتێن پەیدا نەدەبوو، ئەم بابەتاش هەرگیز شیمانەی پێش بینی کردن نین، ریفۆرمی ئایینیش بۆ چارەی دەردو ئافاتێکی وا هاتۆتە بوون ئەگەر بێت و ئەو دەردانەی بۆ چارە بکریت ئەوا ئەو تەوزیف و قۆزتنەوەیە لە بەرامبەر ژیاندا چشتێکی شایەتی باس نیە، حەکیمان گوتوویانە: وازهێنان لە چاکەیەکی مەزن لە بەر خراپەیەکی بچووك خودی خراپەیە.

*بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی گفتوگۆ کردن لەسەر بابەتێکی دامێنگیر و تووڵانی وەك ئەوەی ئێمە لە پایداین بەو سانایی‌یە کۆتایی نایەت، لێ ناچارین کۆتایی پێبهێنین، ئەگەر ئێوە گوتەیەکتان مابێت؛ بیفەرموون!.

–عەرزتان بکەم منیش لە کۆتاییدا چشتێکم بۆ گوتن نیە بێجگە لەوەی: دوو بابەت هەن وا دەردەکەوێت ئێمەیان لە پیشکەوتن دوورخستۆتەوە یانی لەمپەر لە رێی پێشکەوتنی هزری ئێمەدا بوون؛ یەکێکیان ئەو بیرکردنەوەیەی کە زۆر جار لە نێوەنی خوێندنی تەقلیدی ئێمەدا بووە، ئەویش ئەو بیرەی گوایە ئێمە هەموو چێشتێکمان هەیەو کاری ئێمە ئەوەیە کە بۆ گەنجینە دەست لێنەدراوەکان بگەڕێینەوە، ئەو شتانەی هەمانن دووبارە بڵێینەوە.

ئەوی دیکەیان کە لەلای رۆشنبیری مۆدێرن و دەرەوە ی حوجرەکان بوو کە رۆژگارێك زۆربەی تاوانی دواکەوتنیان بەسەر دەوڵەتانی کۆلۆنیالکاردا دەدا، ئەگەرچی ئەم گوزارشە لە رەهەندێکەوە راستە، بەڵام هەردووکیان بە شێوەیەك رێگر لە رێی پێشکەوتنی دواتردا بوون، خۆ بێتاوان پیشان دان.. زەمینەی ناوخۆیی نەبینین، یاخود خۆ بە خاوەنی هەموو شت زانین، بە نەداری کورتیەکانی خود هوشیار نەبوون گەوترین فاکتەرن کە ئێکە لە جووڵە دەخەن، ناشێ هەموو تاوانەکان وە ئەستۆی بێگانەکان بنرێت، ناشێ خۆش هێندە بە دەوڵەمەند و بێ نیاز بزانرێت پێویستی‌یەکان نەبینرێن، نەهێشتنی بێ ئاگایی لەو دوو هەڵەیە کلیلی کردنەوەی فۆرمی ژیانە.

**سەرچاوە:**

نوگرایی دینی

نقد و بررسی جنبش اسلامی معاصر

حسن حنفی اشکوری